# ئابووریی بۆ پەرەپێدانی مرۆیی.. بەرەو کوێ؟

پەرەپێدانی مرۆیی لەهەرێمی کوردستان لەسەرەتای ڕێگادایەو پێویستی بەئیرادەیەکی بەهێزی سیاسی هەیە، تاوەکو تاك بتوانێت پەرە بەتواکانی خۆی بدات و لەناو دامەزراوەی ئابووری ئاراستەی پەرەپێدانی سەرتاسەری بکرێت، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش پێویستە ڕووبەڕووی گەندەڵی ببینەوە، دەکرا پەرەپێدانی ئابووری و مرۆیی بەرنامەو ستراتیژییەت بووایە بۆ داهاتوو، بەڵام لەسەرەتای ڕێگا گەندەڵی وەکو ئاستەنگێك دەرکەوت لەبەردەم گەشەپێدانی سروشتی و ڕێڕەوی ئاسایی بەڕێوەبردنی ئابووری بازاڕو تواناکانی بەفیڕۆ دا.

بوونی گەندەڵی خراپترین دیاردە و ئاستەنگی بەردەم گەشەپێدانی تواناکانە لەدامودەزگا حکومی و تایبەتییەکان، بگرە هۆکارێکە بۆ تێکچوونی پرۆسەی ئابووری و پەرەپێدانی مرۆیی، بنبڕکردنی گەندەڵی کارێکی پێویستە تاوەکو تاکەکانی ناوکۆمەڵ بتوانن لەناو دامەزراوەی ڕێکوپێك بەرنامەو کاروچالاکی خۆیان بکەن، تەشەنەکردنی گەندەڵی کاریگەری خراپی لەسەر پەرەپێدانی ئابووری و پەرەپێدانی مرۆیش کردووە..



بایەخی پەرەپێدانی مرۆیی زیاتر دەردەکەوێت، چونکە تاک لەناو کۆمەڵدا سەرکردەو ڕێکخەرو بزوێنەری ژیانی ئابووری و گۆڕانکارییەکانێتی

دابینکردنی ژینگەیەکی لەبارو گونجاو بەئامانجێکی سەرەکی پەرەپێدانی مرۆیی دادەنرێت

## پەرەپێدانی مرۆیی گەشەی ئابووری دەهێنێت

پەرەپێدانی مرۆیی لەسەر ئاستی جیهانی و نێوخۆیی تایبەتمەندی و گرنگی لە رادەبەدەری هەیە، بەتایبەت دوای ئەوەی لەبەرنامەو راپۆرتی ساڵانەی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم چەمکە بووبە پێوەرێك بۆ پەرەپێدانی گشتی و حوکمڕانی باش.

کاتێك لەپرۆسەی پەرەپێدان مرۆڤ هۆکارو ئامانج بێت بۆ بەدەستهێنانی خۆشگوزەرانی و بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزارییەکان و زامنکردنی پێداویستی تەندروستی و هەڵکشانی داهاتی تاکەکەسی، ئەو کات بایەخی پەرەپێدانی مرۆیی زیاتر دەردەکەوێت، چونکە تاك لەناو کۆمەڵدا سەرکردەو رێکخەرو بزووێنەری ژیانی ئابووری و گۆڕانکارییەکانێتی، پەرەپێدانی مرۆیش دوو رەهەند لەخۆدەگرێت :( پەرەپێدانی مەعریفی و پێگەیاندنی تواناکانی تاك لەناوکۆمەڵدا لەڕێگای باشترکردنی بواری تەندروستی و خوێندن و مەشق و راهێنان - وەبەرهێنانی راست و دروستی دەرامەتە مرۆییەکان لەپێناو سوود وەرگرتن لەتەواوی ئەو دەرامەتانە بۆ زیادکردنی بەرهەمهێنان و گەیشتن بەخۆشگوزەرانی ) بەم ڕێگایانە زامنی پەرەپێدانی سەرمایەی مەعریفی و وەبەرهێنانێکی باشی دەرامەتەکان دەکرێت لەپێناو گەیشتن بەژیان و خۆشگوزەرانییەکی باش، کە تێیدا تاك ببێتە خاوەنی داهاتێکی بەرزو ژیانێکی بەختەوەر، ناشبێت ئەوەمان لەیاد بچێت کە بەرزکردنەوەی ئاستی خۆشگوزەرانی دوا ئامانجە لەپرۆسەی پەرەپێدان و بزووێنەری سەرەکی دامەزراوەکانیشە.

سەبارەت بە چەمکی پەرەپێدانی مرۆیی و گرنگی و رەنگدانەوەی لەسەر ئابووری عێراقی و کوردستانی گفتوگۆیەکی ئابوورییانەمان لەگەڵ دکتۆر نزار زەیاب ئەلعەساف ئوستادی ئابووری نێودەوڵەتی لەزانکۆی ئەنبار سازدا، لێرەدا پوختەی بۆچوونەکانی بڵاودەکەینەوە، سەرەتا ئەلعەساف پێی وابوو: ناکرێت باس لەگەشەی ئابووری بکرێت بێ ئەوەی هەنگاو بەرەو بنیاتنانی مرۆڤەکان نەنرێت، ئەمەش خۆی لەپرۆسەیەکدا دەبینێتەوە کە پێی دەوترێت پەرەپێدانی مرۆیی.چەمکی پەرەپێدانی مرۆیی لەفیکری ئابووری و پەرەپێداندا پێگەو شوێنێکی تایبەتی و گرنگی داگیرکردووە، ئەم چەمکە لەبیردۆزە ئابوورییەوە گواسراوەتەوە بەرەو پرۆسەیەکی واقیعی و پێداویستییەکی سەردەم، بۆتە بەشێك لەپرۆسەی پەرەپێدانی بەردەوام و سەرتاسەری، چونکە هەنگاونان بەرەو ئەم شێوازە لە پەرەپێدان خۆشگوزەرانی دەهێنێت بۆ هاووڵاتییان، هەر لەبواری بەدەستهێنانی مەعریفەوە تاوەکو ئازادی و بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی تاك و دابینکردنی ژیانێکی بەختەوەرو سەقامگیرو ئارام.

زامنکردنی ژینگەیەکی لەباروگونجاو بەئامانجێکی سەرەکی پەرەپێدانی مرۆیی دادەنرێت، لەپێناو دەستەبەرکردنی ژیانێکی باش و تەندروست، ئەوەی زیاتر رۆڵ و پێگەی پەرەپێدانی مرۆیی لەم چەند ساڵەی رابردوو زیاتر کردووە، کەوتنەوەی شەڕو ماڵوێرانی و زیادبوونی توندوتیژییەکان و تیرۆرو زۆربوونی رێژەی هەژاری و برسێتی و کۆچکردن و دەیان کێشەو گرفتی تری ئابووریی و شوێنەوارە مەترسییەکانیەتی بۆسەر ژیانی مرۆڤایەتی، کە وایکردووە زۆربەی حوکمڕانەکان لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو و دواکەوتووەکاندا هەنگاو بەرەو بەرزکردنەوەو چاککردنی رێژەی پەرەپێدانی مرۆیی بنێن، تاوەکو ببنەخاوەنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی و سەقامگیرو ئارام دوور لە ململانێی سیاسی و دەمارگیری ئایینی و تایفییەوە.

لەلایەکی ترەوە ناتوانرێت پارێزگاری لەدیموکراتییەت و مافەکانی مرۆڤ و ئازادییەکان بکرێت بێ پارێزگاری کردن لەئاستی گەشەی پەرەپێدانی مرۆیی، ئەم واقیعە بەتەواوی لەبارودۆخی ئەمڕۆی عێراقدا رەنگی داوەتەوە ئەوەتا عێراق لە ئاکامی شەڕو گەمارۆو نائارامی سیاسی و ململانێی توندی پارتە سیاسییەکان لەسەر دەسەڵات، دۆخ و ژینگەیەکی نائارام و خراپی لێکەوتۆتەوە، کە زیانێکی زۆری بۆ سەر پرۆسەی پەرەپێدانی ئابووری و مرۆیی هەبووە، دانیشتووانی کوردستانیش بەشێکن لە دانیشتوانی عێراق و دووچاری هەمان شەڕو شوێنەواری خراپی ئەوان بوونەتەوە، من سەردانی هەرێمی کوردستانم کردووەو شارەزاییم لەو گۆڕانکارییە خێراو پێشکەوتنانە هەبووە، بەڵام پێم وانییە لەبواری پەرەپێدانی مرۆیی هەنگاوی گەورەو گرنگ نرابێت،کوردستان لەسەرەتای ڕێگادایە بەرەو پەرەپێدانی مرۆیی، دەتوانن پەرەپێدانی مرۆیی ئەنجام بدەن کە پاڵپشتی سەرەکی پەرەپێدانی ئابووری و چەسپاندنی روخساری گەشی ئابوورییەکەتانە. دەتوانن لەهەرێمی کوردستان پەرەپێدانی مرۆیی ئەنجام بدەن بەمەرجێك ئیرادەی سیاسی و ویست بۆ ئەو گۆڕانکارییە هەبێت تاوەکو هەنگاوی گەورەو خێراو بوێر بنێن.

### تێکچوونی بارودۆخی سیاسی و ئابووری عێراق زیانی گەورەی بۆسەر پەرەپێدانی مرۆیی و ئابووری هەرێمی کوردستانیش دەبێت

لەگەڵ ئەم گرنگییەی پەرەپێدانی مرۆیی بۆ گەشەپێدانی هەرێمی کوردستان و پێشختنی ئابووری عێراق بەگشتی کەچی ئەم پرۆسەیە لەعێراقدا بۆ پێشەوە نەچووە، سەبارەت بەکاریگەری ناسەقامگیری بواری سیاسی و نائارامی لەعێراقدا کە هۆکارێکە بۆ نەبوون و لاوازی پرۆسەکانی پەرەپێدان و نەبوونی دامەزراوەکان **دکتۆر عەلی راوی پسپۆڕو شارەزا لەبواری ئابووری لەزانکۆی بەغدا پێی وابوو:** سەقامگیری ئابووری تەواوکەری سەقامگیری سیاسییەو بگرە پێوەندییەکی توندوتۆڵ و ئەزەلی هەیە لەنێوان سیاسەت و ئابووری، شوێنەوارو کاریگەرییەکانی هەردوو بوار لەلایەك هۆکارەو لەلایەکی تر شوێنەوارە، بەدرێژایی مێژووی دامەزرانی حکومەتی عێراق مەسەلەی ئابووری بۆتە قوربانی سیاسەتە چەوتەکانی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق و لەمبوارەشدا ئابووری و پرۆسەی پەرەپێدان بەگشتی دووچاری دارِمان و قەیرانی گەورە بۆتەوە، قەیرانی ئابووری عێراق کاریگەری توندی لەسەر هەرێمی

**هەنگاونان بەرەو پەرەپێدانی مرۆیی خۆشگوزەرانی بۆ هاووڵاتییان دەهێنێت، هەر لەبواری بەدەستهێنانی مەعریفەوە تاوەکو ئازادی و بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی تاك و دابینکردنی ژیانێکی بەختەوەرو سەقامگیرو ئارام**

**مرۆڤ هۆکارو ئامانجی سەرەکی لەپرۆسەی پەرەپێدان**

دكتۆر نزار زەیاب ئەلعەساف ئوستادی ئابووری نێودەوڵەتی لەزانكۆی ئەنبار:

# پەرەپێدانی مرۆیی لە هەرێمی كوردستان لەسەرەتای ڕێگادایە



بوونی چەندین فاكتەری ئابووری و كۆمەڵایەتی و سیاسی لەكۆمەڵگا دواكەوتووەكاندا ڕێگرن لەبەردەم گەشەی مرۆیی و پێگەیاندنی كارمەندو كادیری لێهاتووی پرۆفیشناڵ

كوردستان و تەنانەت وڵاتانی دەوروبەری عێراقیش هەبووە، زۆرجار بەسوودی ئەوان تەواو بووەو زۆرجاریـــش بە زیانی ئەوان كۆتایی هاتـــووە، بەو پێیەی كەوتنەوەی قەیرانـــی ئابووری كاردانـــەوەی توندی لەسەر ناوچەكەو ئارامی ئابووری هەیە، لەلایەكی ترەوە دەســـتێوەردانی وڵاتانی دەوروبەرو دراوسێ لەكاروباری ناوخۆی عێراقدا بەمەرامی سیاســـی بۆتە هۆی كەوتنەوەی نائارامی و ناســـەقامگیری بگـــرە پشـــێوی ئابـــووری و سیاســـی لێكەوتۆتەوە، بەمشـــێوەیە لەبری ئەوەی بەهێزبوون و سەقامگیری سیاسی ببێتە هۆی بەهێزبوونـــی ئابووری و پەرەپێدان بە تواناكانی مرۆڤ و ســـوود وەرگرتن لەم توانایانە بۆ خزمەتكردنی گەشـــەی ئابووری، تاك بـــووە قوربانی و نەبووینە خاوەنی دامەزراوەی ئابووری ڕێك وپێك كە بـــۆ پەرەپێدانی مرۆیـــی و ئابووری پێویست بوو. نەبوونی دامەزراوەی بەتواناو پێشكەوتوو ئەوەندەی تركێشەكانی ئاڵۆزتر كردووەو چارەسەركردنی دوورخستۆتەوە، كاتێك باس لەئاڵۆزی بارودۆخی سیاسی و ئابـــووری عێراق دەكەیـــن دەبێت ئەو راســـتییە بزانین كـــە كاریگەری خراپی لەســـەر هەرێمی كوردســـتانیش هەیە. شـــوێنەوارێكی خراپـــی تێكچوونـــی بارودۆخـــە سیاســـی و ئەمنییـــە كـــە كاریگەری لەسەر هەرێمی كوردستانیش هەیە بەرزبوونەوەی تێچوونی وەبەرهێنانی بیانی لێكەوتۆتەوە، چونكە خەرجی هاتنی بیانییەكان و شـــارەزایان و دڵنیابوونیان و دانانی پاســـەوان هەمووی تێچوونێكی زیاترە لەسەر وەبەرهێن، ئەمەش هاوكاتە لەگەڵ بەرزبوونەوەی مەترســـییەكان و ئەگەری كەوتنەوەی نائارامی سیاســـی و ئابووری.

بێ پارێزگاری لەئاستی گەشەی پەرەپێدانی مرۆیی ناتوانرێت پارێزگاری لەدیموكراتییەت و مافەكانی مرۆڤ و ئازادییەكان بكرێت.

پەرەپێدانـــی مرۆیـــی لـــە ژینگەیەكی گەندەڵدا ئەنجام نادرێت بوونی گەندەڵی وای لەوڵاتێكـــی وەكـــو نێجیریا كردووە بگەڕێتـــەوە ئاســـتی دواوەی وڵاتانی جیهـــان لەكاتێكـــدا لەپەنجاكاندا لەپێش وڵاتی كۆریای باشوورەوە بوو، پەرەپێدانی مرۆیی لەپشت گەشەی خێرای كۆریای باشـــوورەوە بوو هەروەهـــا وڵاتێكی وەكو ســـلۆفاكیای گەیاندە قۆناغی گەشەی ئابووری و پەیڕەوكردنی ئابووری بازاڕ. بۆیە گـــەر بمانەوێت بەرەو پرۆســـەی پەرەپێدانی مرۆیی بڕۆین و لەم پێناوەدا هەنـــگاوی بوێرو خێرا بنێین پێویســـتە ڕووبەڕووی گەندەڵـــی ببینەوە، چونكە گەندەڵی وەكو نەخۆشـــی( ئایدز) وایە، هەروەكو چۆن لـــەش بەرگری نامێنێت، كۆمەڵـــگاش توانـــای پەرەپێـــدان و چاكســـازی نامێنێت و، كەسەكانی ناو كۆمەڵگاش دووچاری بێزاری و لاوازی ئاستی نەتەوەیی و نیشتمانی دەبنەوە .. لەدوا راپۆرتـــی نێودەوڵەتی بۆ گەندەڵی (٢٠٠٩) كـــە لەلایـــەن ڕێكخـــراوی شەفافییەتی نێودەوڵەتییەوە دەردەچێت و هەڵسەنگاندنی بۆ ١٨٨ دەوڵەت تێدایە، چەند زانیارییەكی خستۆتە روو. ئەوەی پێوەندی بە ئێمـــەوە هەبێت بوونی ناوی عێراقە لەدوای سۆماڵ و دواتر میانمار،



لە چوارچێوەی خێزاندا تواناكانی تـ

دكتۆر بورهان عوسمان پسپۆرو شارەزا لەبواری ئابووری و دارایی لەزانكۆی كەركووك:

# با هەموو هەوڵەكان لەپێناو پەرەپێدانی مرۆیی دا بێت





ــاك خێراترو سەقامگیرتر گەشە دەكات

ئەمەش زیانی گەورەی بۆسەر هەرێمی كوردستانیش هەیە لەلایەك داهات و سیاسەتی دارایی و نەختینەیمان لەگەڵ حكومەتی عێراق یەكەو وەكو هەرێمێكی فیدرالی ناتوانین لەبوارە ئابوورییەكان بەتەواوی سەربەخۆ بین، لەلایەكی تر بوونی گەندەڵی لەعێراق دەمانخاتە ناو چوارچێوەیەكی داخراوی ململانێ و پارت و دامەزراوەی بێ تواناو پڕ لە كێشەمەكێش . لی كوان یو كە یەكەمین سەرۆك وەزیرانی سەنگافورە بوو توانی وڵات لە جیهانی سێیەمەوە بۆ یەكەم ببات، ئێستاكە لە سەنگافورە سیاسەتێكی بەهێزی دژی گەندەڵی هەیە، كە پێی وایە كۆنترۆڵكردنی گەندەڵی: گرنگییەكی ستراتیجی هەیە بۆ گەشەكردنی نیشتیمانی و سەرچاوەی كێبڕكێی نێوان كۆمپانیاكانەو پەرەپێدانی مرۆیمان بۆ زامن دەكات، بەو پێیەی كەسانی وەبەرهێن حەز دەكەن لە ژینگەیەكی شەفاف و خاوێندا كار بكەن، نەوەك لە ژینگەیەكی پڕ لە بەرتیل، بەمشێوەیە بەڕێوەبردنێكی باشی ئابووری لە بەرژەوەندی هاووڵاتیاندایە، لەلایەكی ترەوە دەبێتە هۆی دامەزرانی كەسانی بەتوانا كە سەرچاوەی بەڕێوەبردنی باشی دامەزراوەكانن.

## كۆنترۆڵكردنی گەندەڵی گرنگییەكی ستراتیجی هەیە بۆ گەشەكردنی نیشتیمانی

ئەزموونی سەنگافورە لەبەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بۆ ئێمەی كورد بەسوودە، چونكە ئەوانیش بەهاوشێوەی ئێمە لەگەڵ كرانەوەی بازاڕەكان و فراوانبوونی كاری بازرگانی و ئابووری دووچاری گەندەڵییەكی رادەبەدەربوون.

دكتۆر نزار زەیاب ئەلعەساف پێی وایە ئەزموونی زۆر لەجیهانی پێشكەوتوو هەیە كە توانیویانە لە ڕێگای دەسەڵاتی سیاسی و وەزارەت و دامەزراوەكانیانەوە بگەنە ئاستێكی بەرز لە پەرەپێدانی مرۆیی، بۆنموونە وڵاتی چین كە لەماوەیەكی كەمدا توانی ئاستی گەشەی پەرەپێدانی مرۆیی بگەیەنێتە ١٢٪، ئەمەش ئەزموونی ئیسرائیل و مالیزیام بیردەخاتەوە كە بەڕاستی نموونەی باشی ئەو وڵاتانەن كە لە ڕێگای پەرەپێدانی مرۆییەوە هەنگاوی خێراو بوێر دەنێن، دەكرێت خوێندنەوەمان بۆ ئەزموونی ئابوورییانەی هەریەك لە كۆریای باشوورو ژاپۆنیش هەبێت كە لە ڕێگای گرنگیدان بەكەرتی پەروەردەو خوێندن ڕێزیان لەچەمكی هاووڵاتیبوون گرتووە و سەرمایەی مەعریفی لەو وڵاتانەدا بازدانی پێوانەیی تۆماركرد، ئەمەش دوای ئەوەی بەڕێژەی ١٢٪ یان لەبودجەی وڵات بۆ پەرەپێدانی مرۆییان تەرخانكرد، لەبەرامبەردا زۆر وڵاتمان هەیە كە نەیانتوانیوە پەرەپێدانی مرۆیی ئەنجام بدەن و پەرەپێدانی ئابووریشیان لەدەستدا وەكو وڵاتی یەمەن و سۆماڵ

دكتۆر بورهان عوسمان شارەزا لەبواری دارایی و ئابووری لەزانكۆی كەركووك سەبارەت بەگرنگی پەرەپێدانی مرۆیی

نەبوونی دامەزراوەیی بەتواناو پێشكەوتوو ئەوەندەی تری كێشەكانی خراپی پرۆسەی پەرەپێدانی مرۆیی ئاڵۆزتر كردووەو چارەسەرەكانی دوورخستۆتەوە

گەربمانەوێت بەرەو پرۆسەی پەرەپێدانی مرۆیی بڕۆین و لەم پێناوەدا هەنگاوی بوێرو خێرا بنێین ، پێویستە ڕووبەڕووی گەندەڵی ببینەوە


بۆ گەشەسەندنی ئابووری و گەیشتن بەقۆناغی پێشکەوتوو وتی: پەرەپێدانی مرۆیی بنەمایەکە بۆ پەرەپێدانی ئابووری و پێشکەوتنی خزمەتگوزارییەکان، وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان هەر هەمووی خاوەنی بەرنامەو پلانی ئابووری تایبەت بەخۆیان بوون، تەنانەت یەکێك لەهۆکارەکانی گەشەسەندنی ئابوورییان بۆ پەرەپێدانی مرۆیی دەگەڕێتەوە، بەریتانیاو فەرەنساو ئەڵمانیاو وڵاتانی ئەسکەندەنافیا هەمووی نموونەی زیندوون لەمبارەیەوە لەکیشوەری ئاسیاش پڵنگەکانی ئاسیاو کۆریای باشوورو ئوردن توانییان لەڕێگای پەرەپێدانی مرۆییەوە پێشبکەون، لەکیشوەری ئەفریقیاش میسر نموونەیەکی باشی پەرەپێدانی مرۆییە. لەعێراق بارودۆخەکە راست پێچەوانەیە ئەم وڵاتە بۆتە گۆڕەپانێکی شەڕو پێکدادان و ململانێی سیاسی و سەربازی هەموو ئومێدەکانی دووبارە بووژانەوەو پەرەپێدانی لایەنی سەرمایەی مەعریفی فەرامۆشکرا، بۆ نموونە با سەیری بارودۆخی شاری کەرکوك بکەین، حکومەتی ناوەندی بەتەواوەتی فەرامۆشی کردووەو ئامادە نییە پارەیەکی تێدا خەرج بکات کە ببێتەهۆی پەرەپێدانی ئابووری و مرۆیی. بەشێوەیەکی گشتی گەندەڵی بەیەکێك لە هەرە هۆکارەکانی خراپبوونی بارودۆخەکە دادەنرێت، گەندەڵیش چەند جۆرێکە (گەندەڵی دارایی و ئابووری و ئیداری و سیاسی..) هەموو ئەمجۆرە گەندەڵییانە زیانی لەپرۆسەی پەرەپێدان بەشێوەیەکی گشتی داوە بەتایبەتی پەرەپێدانی مرۆیی کە بەتەواوی لە عێراق و شاری کەرکوك فەرامۆشکراوە، بگرە کاریگەری بۆسەر هەرێمی کوردستان و ئەو هەوڵانەش دەبێت کە بۆ پەرەپێدانی مرۆیی تارادەیەك دادەنرێت.

دکتۆر بورهان عوسمان پێی وایە تەرخانکردنی بەشێك لەبودجەی عێراق یا بودجەی کوردستان بۆ پێشخستن پەرەپێدانی مرۆیی و دەوڵەمەندکردنی لایەنی سەرمایەی مەعریفی زۆر گرنگە، ئەو لەو بڕوایەدایە گەربێت و حکومەتی ناوەندی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕە پارەو داهاتێکی باشیان بۆ پەرەپێدانی ئەم لایەنە تەرخان بکردایە ئەوکات بودجەو داهاتێکی کەمتر بەفیڕۆ دەدرا لەبواری پاراستنی ئەمنییەت و بونیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووری، راستە بارودۆخەکە لەهەرێمی کوردستان جیاوازەو تارادەیەك هەوڵدراوە بۆ پێشخستنی ئەمبوارە بەڵام لەعێراق بەشێوەیەکی گشتی و کەرکوك بەتایبەتی ئەم لایەنە بەتەواوی فەرامۆشکراوە، ئەوەتا لەو ناوچانە بارودۆخی هاووڵاتییان زۆر رووی لەخراپی کردووە بەداخەوە بەشێکی زۆری ئەو کوردانەی دەکەونە شاری کەرکوك و ناوچە جێناکۆکەکان دوچاری هەمان کێشەو گرفت بوونەتەوەو ئەمەش زیان بەهەرێمی کوردستانیش دەگەیەنێت، چونکە ناکرێت ناوچەیەکی کوردستان بەدواکەوتوویی بمێنێتەوەو کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستانیش نەکات.

**مامۆستا ئیدریس رەمەزان لەکۆلێژی کارگێڕی و ئابووری زانکۆی سەلاحەدین**

**لی کوان یو یەکەمین سەرۆک وەزیرانی سەنگافورە بوو کە توانی وڵاتەکەی لە جیهانی سێیەمەوە بۆ یەکەم ببات ، ئێستاکە لە سەنگافورە سیاسەتێکی بەهێزی دژ بە گەندەڵی هەیە**

**کۆنترۆڵکردنی گەندەڵی: گرنگییەکی ستراتیجی هەیە بۆ پەرەپێدانی مرۆیی...**




لە١٢٪بودجەی چین بۆ پەرە پێدانی مرۆیی تەرخان کراوە

**پێی وایە:** تارادەیەکی زۆر کەم دەکرێت بوترێت پەرەپێدانی مرۆیی لەهەرێمەکەدا بوونی هەیە، ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر کەمەو لەئاست ئەو کرانەوەو پێشکەوتنە ئابوورییە نییە کە جیهان بەخۆیەوە دەبینێت، زۆرجار هەوڵی پێشخستنی تواناکان و کردنەوەی خولەکانی مەشق و ڕاهێنان دەدرێت، بەڵام بوونی دەیان گرفت و ئاستەنگی جۆراوجۆر ڕێگرن لەبەردەم ئەنجامدانی پرۆسەیەکی ئابوورییانەی سەرتاسەرییە لەبواری پەرەپێدانی مرۆیدا، خراپترین دیاردە و ئاستەنگی بەردەم گەشەپێدانی تواناکان بوونی گەندەڵییە لەدامودەزگا حکومی و تایبەتییەکان بگرە هۆکارێکە بۆ تێکچوونی پرۆسەی ئابووری، بنبڕکردنی گەندەڵی کارێکی پێویستە تاوەکو تاکەکانی ناوکۆمەڵ بتوانن لەناو دامەزراوەی ڕێکوپێك بەرنامەو کاروچالاکی خۆیان بکەن کە، تەشەنەکردنی گەندەڵی کاریگەری خراپی لەسەر پەرەپێدانی ئابووری و پەرەپێدانی مرۆییش کردووە، ڕەنگە بوونی چەندین فاکتەری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی ڕێگر بن لەبەردەم گەشەی مرۆیی و پێگەیاندنی کارمەندو کادیری لێهاتوو پرۆڤیشناڵ، هەندێکجار لایەنی دواکەوتوویی کۆمەڵگاو کەمی ولاوازی ئاستی خوێندەواری و هەژاری و دواکەوتوویی کۆمەڵگا ببێتە هۆی کەوتنەوەی دەیان کێشەو گرفتی ئابوورییانە کە دواتر کاریگەری لەسەر گەشەی ئابووری بەتایبەتی پەرەپێدانی مرۆیی هەیە.

سەرکردایەتی سیاسی کوردستان پێویستە روئیایەکی لەسەر چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و ڕێگا گرتن لە تەشەنەبوونی هەبێت، گەر بیەوێت چارەنووسی داهاتووی ئابوورییەکەی زامن بێت و هەنگاو بەرەو پەرەپێدانی مرۆیی بنێت، لەم پێناوەشدا پێویستە سەرەتا پلانێکی ئابووری داڕێژێت و لەو پلانەدا خاڵە ستراتیژییەکانی ( گەیشتن بە ئابووری بازاڕ، گەڕانەوەی پێگەی چینی ناوەراست، چەسپاندنی دامەزراوەکان، بنبڕکردنی گەندەڵی ) لەخۆگرتبێت تاوەکو بتوانێت زامنی پەرەپێدانێکی مرۆیی و ئابووری بکات و سوود لەئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو لەمبوارەدا وەرگرێت . کاتی ئەوە هاتووە دامەزراوەکانی چاودێری و یاسایی و قەزائی مەلەفەکانی گەندەڵی وەرگرێت بۆڕووبەڕووبوونەوە و دژایەتی فراوانبوونی نەك تەنیا بۆ بەکارهێنانی وەکو دروشم.

حکومەتی هەرێمی کوردستان هەروەکو چۆن لەجەنگی تیرۆردا سەرکەوتنی بەدەستهێناو ویستی ئابووری ئاراستە بکات بەرەو ئابووری بازاڕ بەهاوشێوەی ئەزموونەکانی تایوان و سەنگافوورەو لەریفۆرمی ئابووری نەترسا و سەرەتای ڕێگای گرتەبەر بەرەو پەرەپێدانی ئابووری و مرۆیی، کە دەکرا بەرنامەو ستراتیژییەت بوایە بۆ داهاتوو بەڵام لەسەرەتای ڕێگا گەندەڵی وەکو ئاستەنگێك دەرکەوت لەبەردەم گەشەپێدانی سروشتی و ڕێڕەوی ئاسایی بەڕێوەبردنی ئابووری بازاڕو تواناکانی بەفیڕۆدا،

**ئەزموونی ئابوورییانەی ئیسرائیل و مالیزیا نموونەی باشی ئەو وڵاتانەن کە لە ڕێگای پەرەپێدانی مرۆییەوە هەنگاوی خێراو بوێر دەنێن**

**خراپترین دیاردە و ئاستەنگی بەردەم گەشەپێدانی تواناکان بوونی گەندەڵییە لەدامودەزگا حکومی و تایبەتییەکان**



لێپرسراوی فایلی ئابووری: شەماڵ نووری
Email: shamalnori2001@yahoo.com Aburi@gulan-media.com
Mobile: 07504512761